## بیرەوەرییەکی بڵاونەکراوە لە

# ئیحسان نووری پاشا

**سەید محەمەد سەمەدی**



ئیحسان نووری پاشا، کە بە هەڵۆی ئارارات ناسراوە، ساڵی ١٨٩٢[1] لە گەڕەکی **ئالی کۆلی** (عەلیقوڵی )ی شاری **بەدلیس** لە دایك بوو. ئیحسان کوڕی نووری، کوڕی عەلیقوڵی، لە ئێڵی جبری، قوتابخانەی جەنگی لە ئەستەنبوڵ تەواو کرد و لە شەڕی ڕزگاریی تورکیادا بە هیوای ئازادیی گەلی کورد لە پاش ڕزگاریی تورکیا، بەشداری کرد. بەڵام دوای پاشگەز بوونەوەی تورکان لە پەیمان و بەڵێنییەکانیان و تێکشکاندنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥، مەشخەڵی شۆڕشی گەورەی ئاگری لە ٢٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٧ هەڵگیرساند و بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستانی لە سەر ئاگری هەڵکرد. لوتکەی خۆڕاگری و فیداکارییەکەی شۆڕشی ئاگری، ساڵی ١٩٣٠ بوو، کە ٨٠٠٠٠ کەس لە سپای تورك، بە پشتیوانیی تانك و چەکی قورس و هێزی هەوایی بۆ ئەو شەڕە دەنگدرابوون. لە خەرمانانی ئەو ساڵەدا شۆڕشی ئاگری بە هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی تورك و پشتیوانیی سۆڤیەت و بە تایبەت ئێران، کە ئیزنی دا هێزەکانی تورك لە خاکی ئێران و لە پشتەوەڕا هێرش بکەنە سەر کوردەکان، تێکشکا و ئیحسان نووری لەگەڵ ١١٠ کەس لە ئەفسەران و جەنگاوەرانی خۆی پەنایان بۆ ئێران هێنا. ڕۆژنامەی **میللیەت** بە بۆنەی شکانی شۆڕشی ئارارات، کاریکاتۆرێکی بڵاوکردەوە کە دوو کێلی قەبرێك لەسەر دوندی هەر دوو ئاراراتی گەورە و بچووك چەقیبوون و لەسەر یەکیان نووسرابوو: “ MUHAYYEL KURDISTAN BURDA METFUNDUR” ( موخەییەل کوردستان بوردا مەدفوون دور، واتە: کوردستانی خەیاڵی لێرەدا نێژرا ). ڕەزاشا سەبارەت بە دۆستایەتییەکی کە لەگەڵ ئاتاتورك هەیبوو، دەیەویست پەنابەرەکان بداتەوە بە تورکیا؛ بەڵام هەوڵ و چالاکییەکانی حیزبی داشناك لە ڕێی سفارەتی ئینگلیسەوە، بەرگری لەو کارە کرد و ئیحسان نووری دوور خرایەوە بۆ شاری کرمان لە باشووری ئێران و دەست و پێوەندەکانیشی زیندانی کران. دوورخرانەوەی کرمان ۴ ساڵی خایاند و لەو ماوەیەدا ئیحسان نووری و خەسووی و خەدیجە یاشاری خێزانی، ژیانێکی زۆر دژواریان گوزەراند. ساڵی ١٩٣۴ گوێزرانەوە تاران. دوای چەند ساڵێك بە هۆی دوکتۆر هاشمی شیرازییەوە کە زوو زوو سەردان و ئاگاداری دەکردن، کیژۆڵەیەکی دەفەری مەهاباد بە ناوی زارا بۆ ئاودەنگی لە لایان مایەوە و تا دوا هەناسەی ژیانی ئەو خێزانە، بەجێی نەهێشتن. خاتوو یاشار زارای وەك کچی خۆی ئاگاداری دەکرد و ئەرکێکی زۆری بۆ کێشا. ئیحسان نووری ۴۶ ساڵ لە ئێران ژیا، و لەو ماوەیەدا ٣ کتێبی نووسی و لە ڕۆژنامەکانی تارانیشدا هەندێ جار شتی لەسەر مێژووی کورد بڵاودەکردەوە. کتێبەکانی بریتین لە **تاریخ ریشەی نژادی کرد** کە لە ١٣٣٣ی هەتاوی (= ١٩٥۴ ) چاپ و بڵاو کرایەوە[2]. کتێبێکی تری، ناوی **سەرهلانینا چیایێ ئاگری** یە، بە زمانی فارسی نوسیویە و وەریشیگێڕاوەتەوە سەر دوو دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و کتێبێکی تریشی بە ناوی **ژیانا من** بە زمانی کوردی نووسیوە. خاتوو یاشار ئیحسانیش لەو ماوەیەدا کتێبێکی بە ناوی **چیرۆکا**

---

[1] هەندێ سەرچاوە ١٨٩٣ یان نووسیوە. بەڵام لەسەر گڵکۆکەی لە (بهشت زهرا)ی تاران، نووسراوە: لەدایکبووی ١٢٧٣ی هەتاوی، کە بەرامبەرە لەگەڵ ١٨٩۴ و ١٨٩٥.

[2] ئەو کتێبە هەر لە ئێران چەند جاری دیش چاپ کرایەوە، هەر وەها لە ١٩٩٨یش بە ناوی **مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد** لە لایەن حەمەکەریم عارفەوە کرایە کوردی.

**ژیانا من نووسی؛ و دوو سێ ساڵ بەر لە مردنی هەموو ئەو دەستنووسانەی پێشکەش بە ئەنستیتۆی کورد کرد لە پاریس.**
**ژیانی ئیحسان نووری لە تاران هەمیشە لە مەترسیدا بوو، و بە چەشنێکی گومانلێکراو، چوارجار کەوتە بەر تەسادوفی ماتۆرسیکلت! دوایین جار لە ٨ ی مارسی ١٩٧٦ بە هۆی ماتۆڕ سوارێکی تورک، لە پیادەڕۆی یەکێك لە شەقامەکانی تاران تووشی کارەسات بوو و ماوەی ١٧ ڕۆژ کەوت؛ تاکوو لە ٢٥ی مارسی هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ( بهشت زهرا )ی تاران نێژرا[٣]. نزیکەی دە ساڵێك دوای ئەو، خاتوو یاشار ئێحسانیش کە لەگەڵ زارا دەژیا، هەر لە تاران کۆچی دوایی کرد و لە هەمان گۆڕستان نێژرا.**
**بیستبووم کە ئیحسان نووری لە ماوەی ژیانی ئاوارەیی و دەستبەسەریدا، سەردانی مەهابادی کردووە و لە ماڵی حاجی خەلیلی مۆفەقی، میوان بووە. حاجی خەلیل پتر لە پەنجا ساڵە لە شاری مەهاباد کتێبفرۆشی و چاپخانەی هەیە. ئەو لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان بووە و لەمبارەوە گەلێك بیرەوەری بایبداری لە لایە، هەر وەها سەرچاوەیەکیشە بۆ ڕووداوە مێژووییەکانی مەهاباد. بەختەوەرانە ماوەیەکە دەستی کردووە بە نووسینەوەی بیرەوەرییە سیاسییەکانی و هیوادارم سەرکەوتوانە بە ئەنجامی بگەیەنێ. لەم ڕۆژانەدا چوومە لای و داوام لێکرد ئەگەر بیرەوەرییەکی لەگەڵ ئەو ڕێبەرە مەزنە هەیە، بە دەستخەتی خۆی بۆم بنووسێتەوە. ئەویش سەرەڕای پیری و نەخۆشی، لە ڕووی لوتف و مێهرەبانییەوە ئەو ئەرکەی بۆ بەجێهێنام و لە ٦ لاپەڕەدا بیرەوەرییەکی سرنجڕاکێشی بە زمانی فارسی بۆ نووسیم، کە دەقی نووسراوەکەی جەنابیان بە کوردی دەخەمە بەرچاو:**

« برای خۆشەویست، کاك سەید محەمەدی سەمەدی، تەمەنـدرێژ بی
لەگەڵ سڵاو و ڕێزم، لە قسەکانماندا ئاماژەت کرد کە برادەرێکی بەڕێزی سنەیی، بیۆگرافیی ژێنراڵ ئیحسان نووری پاشای کوردستانی تورکیای ویستووە. هەرچی لە بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو دوکتۆر هاشمی شیرازی وەرتانگرتبێ، گومانی تێدا نییە و دڵنیام خۆی لەم بارەوە بە کەمیشەوە دواوە و زۆر شتی لە خزمەتەکانی خۆی دەرحەق بەو گەورەپیاوە هەر باس نەکردووە. بەینیبەینەڵڵا شاهیدم کە ئەو دۆستە لەمێژینەیەم، زۆر پتر لەوەی کە باسی کردووە، خزمەتی ژێنراڵ ئیحسان نووری پاشا و دەوروبەرییەکانی کردووە. دوکتۆر شیرازی فەخری بە خزمەتگوزاریی سەرۆکانی کوردی وەك: ئیحسان نووری پاشا و بنەماڵەی ساداتی شەمزینان و نەمر حاجی شێخ عەبدوڵڵای گەیلانیزادە و کەسانی دی دەکرد. ڕوحی شاد و یادی بەخێر بێ.
بەڵام، ئەم بچووکەتان، خۆشەویستییەکی زۆرم هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە پێناو سەربڵندیی کورد و کوردستان هەوڵیان داوە و لە هەموو خۆشییەکی ژیان گوزەراون. خۆم بە خزمەتکار و دۆعاگۆی ئەوان دەزانم و لە قەدەر توانابیشمەوە پێمخۆشە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك خزمەتیان بکەم.
و بەڵام، ڕەوانشاد ئیحسان نووری پاشا، هەندێجار هاوینان لە تارانڕا دەهاتە ورمێ و لە پیاوێکی هەرمەنی، کە ماڵی لە شەقامی خەییام بوو، و زۆری ئیحسان نووری خۆشدەویست، میوان دەبوو. هەڵبەت سەبارەت بە دۆستایەتییەکی لەمێژینە لەگەڵ محەمەدئاغای وسووقدیوان، خاوەنی گوندی قاسملوو، هەوەڵ دوو سێ ڕۆژ لەوێ دەمایەوە، پاشان دەچووە ماڵی کابرای هەرمەنی و تا گەڕانەوەی بۆ تاران، لەوێ دەژیا. کابراش بەشی خۆش و فێنکی ماڵەکەی بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك، بۆ ئەو بەجێدەهێشت. لەو ماوەیەدا، هەندێجار سەردانێکی کورتی مەهابادیشی دەکرد و یەك یا دوو ڕۆژ بە ماڵەوە میوانم دەبوو. ئێمەش خزمەتی پێویستمان بەجێ دەهێنا. ئەگەر ساڵانە یەك دوو جار بۆ کڕینی پێداویستییەکانی دوکانیش چووبامە تاران، هەموو جار دەچوومە دیدەنی، و زۆر خۆمانە و کوردەواری دەدواین و بەتایبەتیش باسی کێشەی

**[٣] بە پێی نووسینی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی و دوکتۆر هاشمی شیرازی و محەممەد رئوف تەوەککولی، ناونیشانی گڵکۆی ئیحسان نووری پاشا بەم جۆرەیە: ( کەرتی ٩، ڕیزی ٥٨، ژومارە ١٢).**

کوردمان دەکرد. لە بیرمە، دوایینجار کە چوومە خزمەتی، هەندێ بیرەوەریی خۆی لە تورکیا باس و کرد و گوتی: چەند ساڵێك بوو زانکۆی جەنگم تەواو کردبوو و بە پلەی سەرگوردی لە سپای تورکدا خزمەتم دەکرد. لەگەڵ ئەم یاشار خانمەی خێزانیشم زەماوەندمان کردبوو، بەڵام منداڵمان نەبوو. ڕۆژێك بانگ کرامە ستادی ئەرتەش و پێیان ڕاگەیاندم کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئاڵۆزی هەیە و پێویستە بە پیاوەکانی خۆتەوە، لە ژێر فەرمانی فلانە سەرکردە بۆ ناوچە دیاریکراوەکان وەڕێکەوی. منیش بەپێی فەرمان کەوتمە ڕێ. زستانێکی سارد بوو. گوندەکانی سەر ڕێگا چۆل کرابوون. ماڵەکان بە دەرکی ئاوەڵا بەجێ مابوون و دانیشتوانیان لە ترسان ڕایانکردبوو. کاری پشکنینی ئاواییەکمان دەکرد و لە تەواوبووندا بووین کە لە یەکێك لە ماڵەکاندا دەنگی گریانی منداڵێکمان بیست. یەك دوو هۆدە بە شوێن دەنگەکەدا گەڕاین، تا لە خەڵوەتییەك منداڵەکەمان لە بێشکەدا دۆزییەوە. لە برسان و لە بەر گریانی زۆر، بوغز گەرووی گرتبوو. من کە منداڵم نەبوو، هەر زوو بەدڵمدا هات بیبەمەوە و گەورەی کەم و ماڵەکەمانی پێ ئاوەدان کەمەوە. دەستوورم بە سەربازەکانم دا کە لە لانکەی دەربێنن و خاوێنی کەنەوە و لەجیاتی شیر، کەمێکی ئاو بە گەرووی داکەن. ئەمجار پەتوویەکی سەربازیمان تێوەرپێچا و بۆ گەیاندنی ڕاپۆرتی نیزامی، ڕوومان کردە چادری فەرماندە، کە بەینێك لە ئێمەوە دوور بوو. عەرزی جەنابی ژێنڕاڵم کرد: گوندەکە چۆل کراوە و کەسی تێدا نییە. تەنیا منداڵێك لە بێشکەدا بەجێماوە. داوا لە جەنابی فەرماندە دەکەم ئیزن بدا ئەو منداڵە لە لای من بێ و گەورەی بکەم. چونکە هەم خودا لای خۆش دێ و هەم من کە منداڵم نابێ، بە ئارەزووی خۆم دەگەم. ژێنڕاڵ لە وەڵاما گوتی: لەسەر مێزەکە داینێ و بیکەوە بزانم کوڕە یا کچ؟ دامنا و کردمەوە. گۆشەیەکی پەتووەکەی هەڵدایەوە. ئەمجار بێ یەك و دوو ملی منداڵەکەی گرت و بە پەنجە زەلامەکانی ڕێکی گوشی و بە تووڕەییش ڕووی لە من کرد و گوتی: ئەمانە دەبێ پاك بکەنەوە و بنەبڕیان کەن، نەك گەورەیان بکەن و بیانعاملێنن. پاشی ئەوە ئاگام لێبوو کە منداڵەکە گیانی دەرچوو.

قسە و کردەوەی ئەو جانەوەرە وەحشییە، زەبرێکی وەها توندی لە ڕوحی من دا، کە وەکی نوستوویەك وەهۆش هاتمەوە و ئاگاداری بەدبەختی و بێدەرەتانیی گەلی کورد بووم. وردە وردە پەنام بردە بەر حیزبە سیاسییەکان و هەمیشە لە هەوڵی ئەوە دابووم کە دەنگی مەزلومییەتی ئەو گەلە بە گوێی دنیا ڕابگەیەنم. لە شۆڕشەکەشمدا لە نەکاو دیتم لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوم. لێبڕام پەنا بۆ ئێران بێنم. ڕەزاشا قەبووڵی کرد و ماوەیەك لە کرمان مامەوە، پاشان ڕایانگوێستم بۆ تاران. ئێستاش هەر کات بمەوێ لە تاران وەدەر کەوم، دەبێ ئیزنی موقاماتی باڵای ئێرانی لەسەر بێ.

ئەو باسە غەماوییە، بەم شێعرە دوایی پێدێنم و دەڵێم:

خودایە لەکن تۆ ئاسانە    بازووشاهینی عەلی لە دەستی کەوە

محمد خلیل [illegible]





AGRÎ 1929 - Ihsan Nûrî Paşa û jina wî Yaşar Xanim